# له سه‌ر ژیانی پێشه‌وا قازی محمد



قازی محمد له بنه‌ماڵه‌یه‌کی ئایینی له ساڵی 1901 یـانی له یه‌کەم ساڵی چه‌رخی سه‌یرو پڕ کاره‌ساتی 20دا که گه‌لێکی ڕاپه‌ڕینو شۆڕشی مه‌زنو گرینگی سیاسیو نه‌ته‌وایـه‌تی تـێدا ڕوودا, له شاری مه‌هاباد هاته سه‌ر دنیا. هـه‌ر لـه منداڵیـه‌وه بنه‌ماڵه‌که‌ی زۆریان هۆمێد به‌وه بـوو کـه ئـه‌م کـوڕه هێـدیو هێمنو وریایه شوێنه‌واری باپیرانی زانای خۆی کوێر نه‌کاتـه‌وه‌و پاش باوکی بتوانێ جێی بگرێته‌وه. به‌ڵام محمد بـه بـیرو بـڕوای به‌رزو پاکی, بـه‌کرده‌وه‌و ئاکـاری بـاشو چـاکیو بـه مـه‌رگی پیاوانه‌و سه‌ربه‌رزانه‌ی نه‌ك هه‌ر بوو به‌مایه‌ی سه‌ربه‌رزیو شانازیی بنه‌ماڵه‌و نه‌ته‌وه‌ی خۆی, به‌ڵکو نـاوی پـیرۆزی لـه ڕیـزی گه‌وره پیاوانی مێژووو شه‌هیدانی ڕێگای حه‌قو دادو ئازادیدا به نه‌مری مایه‌وه. ئه‌و زانستی ئـایینی و فه‌لسـه‌فه‌ی کـۆنو ئه‌ده‌بیاتی فارسیو عه‌ره‌بی هه‌ر له مه‌لبه‌ندی مه‌هابادو له خزمه‌ت مامۆستا زاناکـانی ئـه‌م مه‌لبه‌نـده‌دا خوێنـد. هێشـتا مێرمنداڵ بوو که له زانستی زه‌مانی خۆیدا به مامۆستا ده‌ناسرا. پاش ئیجازه وه‌رگرتن خۆی به کاری مه‌لایتیه‌وه مه‌شغوڵ نه‌کردو له گۆشه‌ی حوجره دانه‌نیشتو چالاکانه خه‌ریکی کاری کۆمه‌ڵایه‌تی بوو. بێ ئه‌وه‌ی مه‌عاش وه‌ربگـرێ نوێنه‌رایـه‌تی فه‌رهه‌نگی مه‌هابادی وه‌ستۆ گرت. یه‌که‌مین قوتابخانه‌ی نوێی ئه‌و شاره له سایه‌ی هه‌لسووڕانو تێکۆشانی ئه‌و دروسـت کـرا که خۆی به سه‌ری ڕاده‌گه‌یشتو ده‌رسیشی ده‌کوته‌وه. بناغه‌ی هه‌ولین نه‌خۆشخانه‌ی مه‌هابادیش به ده‌ستی ئه‌و دارێژراو لـه ژێر چاوه‌دێریی ئه‌ودا که‌وته کار.

سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌موو کار کردنو ماندوبوونه ده‌سـتی لـه خوێنـدنو فێربـوونو بـه‌رز کردنـه‌وه‌ی پایـه‌ی زانیـاریی خـۆی هه‌ڵنه‌گرت.له‌و سه‌روبه‌ندیدا میسیونێکی خاریجی بۆ په‌ره‌پێدانی ئایینی مه‌سیح له مه‌هاباد نیشـته‌جێ بـوون, لـه لای وان ده‌ستی به‌فێر بوونی زمانی خاریجی کرد ڕه‌نگه هه‌ول زانای ئایینی مه‌هاباد, به‌ڵکو کوردستان بووبێ کـه بـێ ئـه‌وه‌ی گـوێ بداته سه‌رکۆنه‌و ته‌وسو پلاری کۆنه‌په‌رستانه, له‌گه‌ڵ فه‌رهه‌نگیانو غه‌یره‌دینان هه‌ستاوه‌و دانیشـتوه‌و هاتوچـۆی کـردوونو فێری زمانو ڕێو شوێنی ڕۆژئاوایی بووه. ئه‌و له سایه‌ی فێر بوونی زمانو خوێندنه‌وه‌ی ڕۆژنامـه‌و گۆڤـارو شـوێنه‌واری بـه نرخو به‌رزی فیله‌سوفو نووسه‌ره گه‌وره‌کانی دنیا, زانیاریو ئاگاداری تـه‌واوی پـه‌یـدا کـرد. ئـه‌و زانـاییو ئاگادارییـه لـه دواییداو له ژیانی سیاسیی ئه‌ودا به جوانی ده‌رکه‌وت. زۆر به موتالاو خوێندنه‌وه خه‌ریك بوو. له کتێبخانه‌کـه‌ی کـونترینو تازه‌ترین کتێببه زمانه‌کانی جوراوجۆر وه‌گیر ده‌که‌وت. له ته‌واوی ژیانی خۆیدا جگه له کتێب هیچ دیارده‌یه‌کی نه‌گیراته‌وه.

قازی محمد له پاش وه‌فاتی علی باوکی جێی گرته‌وه و بوو به قازیی موکریان و له‌و مه‌قامه‌ش دا زیاتر خزمه‌تی خـه‌لکی کورد و له هانای هه‌ژارانو لی قه‌وماوان هات . ئه‌وه‌نده به‌ده‌ردو مه‌رگی خه‌لکه‌وه بوو ئه‌وه‌نده بی ریـا خزمـه‌تی کۆمـه‌لی ده‌کرد که هه‌موو توێژه‌کانی کومه‌ڵ به‌گیان و دڵ خوشیان ده‌ویست.



ئەو بەرگێکی زور ساکاری لە بەر دەکرد " پیاوەێکی بی فیزو نەرم و هێدی و قسەخوش بوو، زاناو ورد و بەزمان و نوکتەزان بوو. شیعرو موسیقاو هونەرە جوانەکانی خوش دەویست. نووسەریکی گەورەو میژوو زانێکی شارەزا بوو. ئیحترامی روناکبیرو شاعرو نووسەرەکانی زور دەگرت‌ولە خۆی جوێ نەدەکردنەوە. کوردی, فارسی و عەربی‌و تورکی و ئینگلیزی‌و فەرانسەی‌و وروسیی زۆر باش دەزانی،ن بڕوایکی قوولّو بی گرێو گۆلی بە ئازادی‌ودیمۆکراسی هەبوو، نەتەوەی لێ قەوماوی خوی تا رادەی پەرستن خوش دەویست‌و ریزی لە گەلانی‌تر بە تایبەتی لە کەمایەتیەکان دەگرت. قازی محمد پاش روخانی حکومەتی رەشی رەزاخان هاتە ناو کوری خەباتی سیاسی‌ولەم بوارەش دا کارزانی‌و لێ هاتوویی خوی نیشان دا و لە 25 گەلاوێژی 1324 دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە هاوکاری و هابیریی دوستانی خوی دامەزراندو ریکخراوەکانی کۆمەڵەی بو لای ئەم حیزبە راکیشا.

لە هەولین کونگرەی ئەم حیزبەدا کە رۆژی3 ی مانگی خەزەڵوەری 1324 گیرا بەرنامەی پیشکیش کراولە لایان قازیی‌وە پەسند کراو خوشی بە پیشەوا هەڵبژیردرا. ئەم حیزبە دووی ریبەندانی 1324دا یەکمین کوماری کوردستان ئیعلان کردوپیشەوا کردە سەرکۆمار. قازی گەلّو نیشتمانی خۆی بە گیان دلّ خوش دەویست. هەموو زانست‌و پیگەیشتنی خۆی بو خزمەتی گەلّ وەکار خستبوو. هەموو هیزو تواناو بیرو هوشی خوی لە پیناوی کومەلانی گەلّی کورد نابوو. نیشتمانپەرستی و گەلدوەستیی پیشەوا لە لە ناسیونالیزمیکی تەسکەوە نەبوو. راستە کە دەویەویست میللەتی کورد مافی نەتەوایەتیی خوی وەدست بێنی . بەزمانی خوی بنووسی و بخوینیّ، قوتابخانەی هەبیّ. فەرهەنگی نەتەوایەتی خۆی پەرەیی پی بدا و بوونی خوی وەك نەتەوەیەك لە دنیای ئەوکات نیشان بدا . بەلام هەر لەو کاتەدا قازی ئینسانێکی دیمۆکرات و ئازادە بوو. زۆری هەولّ دەدا جوولانەوەی کورد بە بەشداریی هەموو چین‌و تویژەکانی گەلی کورد بەهیزتر بکا. یەکیك لە فەرقە ئەساسی‌یەکانی جوولانەوەی مەهاباد لە گەلّ راپەرینەکانی پێتری گەلی کورد لەوەدا بوو، کە جوولانەوە بارێکی دێموکراتی‌و گەلی بە خۆیەوە گرتبوو. بزووتنەوەی عەشیرەتێك‌و شەخسیتێك نەبوو، بزووتنەوەی هەموو گەلی کورد بوو و هەموو تویژە دیمۆکراتیەکانی گەلی کوردی بو لای خوی راکیشابوو. قازی زۆر تیّ دەکوشا ریزەکانی ناوەوە یەککگرتووبکا.ئەو حقیقەتە میژوویی‌یە باش تیّ گەیشتبوو کە یەکیك لە هویەکانی ئەساسیی شکانی یەك لە داوای یەکی راپەرینەکانی کورد ،نەبوونی یەکیەتی و یەکدەنگی ناوخوی ئەو راپەرینانە بووە. پیشەوا لە هەلگرتنی ناکوکیی نیوان عەشیرەتەکانی و یەك خستنیان لە سەر بەرنامەیەکی نەتەوایەتی دا زور سەرکەوتوو بوو. بە سیاسەتی زانایانەی‌خۆی توانی‌ئەو ناکۆکیانە تا رادەیەکی زۆر لە ناو بەرێو نەهێلاّ پەرە بگرن. لە کوردستانی ژێردەسەلاّتی کۆماری یەکیەتی‌یەکی ئەوتۆی لە نێوان چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵكدا پێك هێنابوو, کە پاش تیّشکانی جوولانەوە, کاتێك ئەرتەشی کۆنەپەرستی ئێران هاتەوە مەهاباد هیچ کەس ئامادە نەبوو دەست بۆ رابەرانی جمهوری درێژ بکا.

ئینساندۆستیو دێموکرات بوونی قازی لە لێکدانەوەی نەخشی ژنان لە کۆمەڵیشدا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ. قازی لەو باوەڕەدابوو کە لە چەرخی بیستەمدا نابێ نیوەی ئەندامانی کۆمەڵ لە هاوبەشیی کاروباری کۆمەڵایەتی بیبەش بکرێن. بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا ژنان لە دەوری کۆماردا ریچکخراوی خۆیان پێك هێنا.

پێشەوا قازی ئەوەندە ئەهمیەتی بەنەخشی ژنان دەدا کە خێزانیو ژنانی بنەماڵەی خۆی هان دا لە کاروباری کۆمەڵایتیی ژناندا پێشڕەو بن. لە شاعیرە کوردەکانی داوا کرد کە ژنان بۆ خوێندنو فێر کردنی زانستو هاوبەشی لە ژیانی کۆمەلایەتیدا هانبدەن. پێك هاتنی رێکخراوەی ژنانی کوردستانو بەشدار بوونیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیو دێموکراتی سەردەمی کۆماردا یەکێك لە شانازییەکانی بزووتنەوەی ساڵەکانی 25 ـ 1324ە کە قازی لەو شانازییەدا ئەرکی هەرە گرنگی هەبوو.



پێشەوا قازی لە سەرتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە بۆ راوەستانو مانەوەی ئەو کۆمارە زۆر ئەهمیەتی بەچەند هۆی ئەساسی دەدا. لە پێش هەموو شتێکدا دەیزانی کە کوردستانی ئێران تەنیا شاری مەهاباد و دەوروبەرەکەی نیە. هەر لەبەر ئەوە بۆ رۆژی دووی رێبەندان کە رۆژی ئیعلانی جمهوری بوو. نوێنەری خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان لە کماکو تا کرمانشان ناردو داوای لێ کردن کە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداری لەو جێژنە مێژووییدا بنێرن. پاشن دامەزرانی جمهوری, پێشەوا زۆری هەوڵدا کە لە پلەی یەکەمدا سنەو کرماشانیش بخاتە سەر جمهووری.

بە داخەوە پەیمانێکی لە نێوان هاوپەیمانەکاندا بۆ دابەش کردنی ئێران بە مەڵبەندی دەسەلاتی دیاری کراو بەسترا بوو رێگایەدا کۆماری کوردستان بۆ لای جنوب پەلْ باوێژێ. بەلگەی مێژووییەکان نیشان دەدەن ئەگەر قازی لە دامەزراویو بەهێزی بەرەی ناوخۆ خاترجەم باو کادری پێویستی بە دەستەوە با, بە پێچەوانەی ئەو قەیدو بەستە کە هاوپەیمانەکان دایان نابوو, هەولی رزگار کردنی سنەو کرماشانی دەدا, بە داخەوە ئەو کارەی بۆ نەکرا. وەك دەزانین یەکێك لە نوختە زەعفەکانو یەکێك لە هۆیەکانی تێشکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ساڵەکانی 25 ـ 1324 دا ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی ناوەندی کوردستانی ئێران دا مایەوە کە تەنیا سێیەکی کوردستانی ئێران بوو.

پێشەوا ئەومەسەلەشی لەبەرچاو گرتبوو, کە یەکێەتی و هەوئاهەنگی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی سەرتاسەری ئێران, شەرتی گرینگی سەرکەوتنە بە سەر کۆمەپەرستیدا. لەبەر ئەوە هەولیدەدا کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی دێموکراتی کورد لە لایەکەوە لە لایەن بزوتنەوەی دێموکراتی سەرتاسەری ئێرانەوە پشتیوانی لێ بکرێو لە لایەکیترەوە نەخشی خۆی بە چشنی پێویست لە مەیدانی سەرتاسەریی ئێراندا دیاری بکا. بۆ وەدیهێنانی ئەودوو مەبەستە هەم لە دژی نەزەری ئەو کەسانە خەباتی دەکردکە لە رێزەکانی حیزبدا یان لە دەزگاکانی جمهوری دا ناسیونایستێکی بەرچاوتەنگ بوونو بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێرانیان بە زۆر نەدەگرتو هەم دژی ئەو کەسانە تێدەکۆشا کە کۆنەپەرەستی دەستی لە پشتیدا بوونو کوردیان بە نەتەوە نەدەزانیو هیچ چەشنە مافیکی بۆ قایل نەبوون. رادەی ئوسولی بوونی قازیو ئیمانی بە بیرو باوەری

خۆی بە تەواوی لێرەدا دەر دەکەوێ کە چ لە زەمانی سەرکۆماریداو چ لە ئەو کاتە کە لە دادگای نیزامیدا چاوەروانی مەرگ بوو. بە بیرو باوەری خۆی یانی وەدی هێنانی مافەکانی نەتەوایەتی کوردو دۆستایەتیو یەکێەتی لەگەڵ گەلانی تری ئێران وەفادار بوو. پێشەوا زۆر بەغەمی چارەنووسی کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانیشەوە بوو. کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا پەناگەی خەباتکارانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بوو. پێشەوا زۆر جار ئەو مەسەلەیەی بە گوی هاوکارەکانی دا دەدا کە بزووتنەوەی کوردستانی ئێران روچنەیەکی هیوایە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان. بۆیە دەبێ بە گیانو دڵ لە هاتنی کوردەکانی دەرەوەی ئێران پێشوازی بکرێو ئەوەندەی بگونجی جێگاو رێگای باشیان بۆ دابین بکرێو لەهەمووی گرینگتر دەبێ بە هەر رێگایەك بکرێ بە خەباتی پارچەکانی تری کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی یارمەتی بگەیەنین. ئەو دڵسوزیەی پێشەوا ئەو کاتەی دەرکەوت کە بارزانیيە تێکۆشەرەکان ناچار بوون وڵاتی خۆیان بە جێ بهێڵنو روویان کردە کوردستانی ئێران. لە پێشەوا را بگرە تا کۆمەڵانی سادەی گەلی کورد, باوەشیان بۆ ئەو تێکۆشەرانە کردەوەو ئەوەندەی ئیمکانیان بوو لە کۆمەك بۆ ئاسودەیی بارزانیەکانو خاووخێزانیان درێخیان نەکرد. پێشەوا بەوەندەشەوەە نەوەستاو بە بارزانیەکانو هەموو ئەو کوردانەی لە دەرەوە هاتبوون بە گوێرەی لیاقەت کاری ئەسپاردو کە دەزانین مەلا مستەفا گەیشتە دەرەجەی ژەنرالیو کاری پڕ لە مەسئوولییەتی فەرماندەیی هێزەکانی کۆماری کوردستانی پێ سپێردرا.

شەهید بوونی قازی نە تەنیا نەبووە هۆی لە بیر چوونەوەی ئەو, بەڵکو ئەورو پاش زیاتر لە 50 ساڵ کە یادی پێشەوا قازی دەکەینەوە, بۆ ئەوە نیە لەسەر گلکویەکەی بگرین, بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە ژیانو تێکۆشانی ئەو دەرس فێربینو ئەو دەرسەلە کاروباری رۆژانەی خۆماندا بە کار بێنین.

لە پێش هەموو شتێکدا ئەرکی نەتەوایەتیو مێژوویی ئێمەیە کە ئەو ئامانجەی قازی هەولی بۆ دەدانو گیانی خۆی بۆ فیدا کرد وەدی بینین. ئەو رێگایەی قازی رێگایەکی راستە کە ئێمە دەگەیەنێتە ئامانجو سەرکەوتنی یەکجاری.

هێندێك کەس زۆریان رەخنە لە قازی گرتوە. لە هەموو رەخنەکان گەورەتر ئەوەیە کەبۆ چی لەبەرامبەر پەلاماری کۆنەپەرستی ئێراندا بەربەرەکانی نەکرد. گویا ئەگەر بەربەرەکانی کردبایە وەزعەکە بەتەواوی فەرقی دەبوو. لە پێشدا دەبێ بێن لە تاریخدا "ئەگەر" نیە, تاریخ ئەوەیە کە بووە, نەك ئەوە کە ئێمە ئارەزوومان بوو روویدا. ئەمجار راستە قازی نەدەبوایە بەو هاسانیيە تەسلیمی دوژمن بێ, ئەویش دوژمنێك کە قازی لە فیلبازیو درندەیی ئەودا هیچ گومانی نەبوو, بەڵام قازی ئەو کارەی بۆ پاراستنی گیانی خۆی نەکردو بە پێچەوانە پێی مسئوولییتێکی گەورە بووکە نیسبەت بە گەلی خۆی هەستی پێ کرد. ئەوە بوو کە قازی بۆ ئەوکارەهاندا. ئەو لە هەلو مەرجی ئەورۆژگارەدا رێگایەکی تری نەدەدی, لەلایەکی تریشەوە نەی دەویست خوێنی خەڵکی بێتاوانی کورد وەك گەلی ئازەربایەنجان بەشەری ناوخوو بە دەستی ئەرتەشی زۆرداریشا برژێ.



پێشەوا قازی لە بەربەیانی رۆژی دەی خاکەلێوە 1326ی هەتاوی بەرامبەر بە 30 مانگی مارسی 1974ی زایینیی دا دەگەڵ براکەی سەردری قازی و ئاموزاکەی سەیفی قازی لە مەیدانی "چوارچرا" لە سێدارە دران. لەو رۆژەدا چوارچرای شاری مەهاباد یەکێك لە داخاویترین لاپەرەکانی مێژوویی گەلی کوردی بەخۆیەوە دی. قازی محمد پێشەوای خۆشەویستی گەلو کۆماری کوردستان بە شەهید بوونی خۆی رێگەیەکی دیکەی شەهامەتو فیداکاری بە ئێمە نیشانداو بوو بە سەر قافلەی شەهیدانی کوردستان.